الأمم المتحدة - العراق | United Nations Iraq

UNAMI

پەڕەی ڕاستی

#بۆ_عیراق_دەنگ_دەدەین

https://www.iraq.un.org

# هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

## پەڕەی ڕاستی #7
## سکاڵا و تانەی ڕۆژی دەنگدان

**ئایا سکاڵای ڕۆژی دەنگدان چیە؟**

ڕەنگە لە ڕۆژی دەنگدان تۆمەتەکان دەربارەی کێشەکانی هەڵبژاردن بەرز بکرێنەوە، بەلەخۆگرتنی نیگەرانی دەربارەی دەنگدان، ژماردن و خشتەکردنی ئەنجامەکان. تاکەکان یان پارتە سیاسیەکان، کە مافەکانی هەڵبژاردنیان لە ڕۆژی دەنگدان پێشێل دەکرێت یان سنووردار دەکرێت، مافی ئەوەیان هەیە سکاڵا پێشکەش بکەن. هەموو سکاڵا و تانەکانی ڕۆژی دەنگدان لە لایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و دەستەی دادوەری هەڵبژاردن بە گوێرەی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

**کێ دەتوانێت سکاڵای ڕۆژی دەنگدان پێشکەش بکات؟**

هەر دەنگدەرێک یان بریکارێکی پارتێکی سیاسی یان کاندیدێکی سەربەخۆ مافی ئەوەی سکاڵا لە ڕۆژی دەنگدان پێشکەش بکات بەو مەرجەی خۆیان لە وێستگەکەی دەنگدان بوو بن و بریکارەکان بە فەرمی لای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تۆمار کرا بن (ناویان لە لا دەفتەر یاداشتی بەڕێوەبەری وێستگەی دەنگدان تۆمار کرا بێت). چاودێرەکان دەتوانن ڕاپۆرتی کێشەکان بۆ ئەو دامەزراوەکانی خۆیان بکەن. بەڵام، ڕێپێدراو نین سکاڵای فەرمی پێشکەشی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بکەن.

**کەی پێویستە سکاڵاکانی ڕۆژی دەنگدان پێشکەش بکرێن؟**

پێویستە سکاڵاکانی ڕۆژی دەنگدان لە ماوەی 2 ڕۆژدا پێشکەش بکرێن. ئەم ماوەیە لە کاتژمێری دەستپێکردنی دەنگدان دەستپێدەکات تا کۆتایی فەرمی ڕۆژی کارکردنی دواتر بەردەوام دەبێت.

**چۆن کەسێک دەتوانێت سکاڵای ڕۆژی دەنگدان پێشکەش بکات؟**

فۆرمی سکاڵای ژمارە 110 لە ناوەندەکانی دەنگدان، نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگا، نووسینگەی دەستەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، و نووسینگەی نیشتیمانی لە بەغدا لە ڕۆژی دەنگدان بەردەست دەبێت. لە ڕۆژی دەنگدەران، ئەو دەنگدەر، بریکار یان کاندیدانەی دەیانەوێت سکاڵا پێشکەش بکەن پێویستە فۆرمی فەرمی سکاڵای ژمارە 110 بەکاربێنن، کە سێ کۆپی هەیە (هەریەکەیان بە ڕەنگێکی جیاوازە) و زەرفی سکاڵای لەگەڵدایە. سکاڵاکان نهێنین.

پێویستە سکاڵاکارەکە فۆرمی سکاڵا پڕ بکاتەوە، ڕێکەوتی لە سەر بنووسێت و واژۆی بکات، دوایین کۆپی لای خۆی هەڵگرێت و دانەی یەکەم و دووەم بخاتە ناو زەرفی سکاڵاکە لەگەڵ هەر بەڵگەیەکی تری پاڵپشتیکار (ئەگەر هەبێت).

دوو ڕێگا هەن بۆ ڕادەستکردنی سکاڵاکە. کەسێک دەتوانێت بیخاتە ناو سندوقی سکاڵا یان بە ڕێکخەری ناوەندی دەنگدان یان بەرپرسی نووسینگەی نیشتیمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگا، یان دەستەی کۆمسیۆنی باڵا لە هەرێمی کوردستانی بدات.

**پێویستە چ جۆرە زانیاریەک لە ناو فۆرمی سکاڵا بنووسرێت؟**

- ناو، ناونیشان و زانیاری پەیوەندیکردنی سکاڵاکار
- ناو و زانیاری پەیوەندی کەسی تۆمەتبارکراو کە پێشێلکاریەکەی ئەنجامداوە (ئەگەر بەردەست بێت)
- زانیاریەکانی پێشێلکاری بانگەشەکراو، بەلەخۆگرتنی ڕێکەوت، کات، شوێن و ڕوودۆخەکان.
- ناو و زانیاری پەیوەندی هەر شایەتێکی پێشێلکاریەکە (ئەگەر بەردەست بێت)
- هەر بەڵگەنامەیەکی پەیوەندیدار یان بەڵگەی تری پاڵپشتیکار بە سکاڵاکە
- سەرنجەکانی بەڕێوەبەری وێستگە یان ڕێکخەری ناوەندی دەنگدان (ئەگەر بشێت و ویستراو بێت، سکاڵاکارەکە دەتوانێت داوا لە بەڕێوەبەری وێستگە یان ڕێکخەری ناوەندی دەنگدانەکە بکات سەرنج لە سەر بەشی پەیوەندیداری ناو فۆرمی سکاڵاکە بنووسێت - جگە لە سکاڵاکانی ڕۆژی دوای دەنگدان و ئەگەر بشێت سکاڵاکە لە دژی یەکێک لە کارمەندانی دەنگدان بێت)
- واژۆی سکاڵاکار

**چۆن کار لە سەر سکاڵاکانی ڕۆژی دەنگدان دەکرێت؟**

لێژنەی پۆلینکردنی سکاڵا کە لە نووسینگەی نیشتیمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پێکدەهێنرێت ئەوە دیاری دەکات ئایا سکاڵاکە بە گوێرەی داواکاریە فەرمیەکانە، ئەگەر بەم شێوەیە بێت، کەوا کاریگەری لە سەر ئەنجامی هەڵبژاردن دەبێت. ئەم جۆرە سکاڵایە وەک سوور پۆلین دەکرێت و لە سەر بنەمای ئەولەویەتی لەپێشینە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. ئەو سکاڵایانەی کار ناکەنە سەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەڵام پێویستیان بە لێکۆڵینەوەیە ئەوە وەک زەرد پۆلین دەکرێن. ئەو سکاڵایانەی مەرجی فەرمی و سەرەکیان تێدا نیە وەک سەوز پۆلین دەکرێن و ڕەت دەکرێنەوە.

لێژنەکانی سکاڵا لە نووسینگەی هەڵبژاردنی پارێزگا لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان دەکەن لە دوای وەرگرتنی ڕێنمایی لە بەشی سکاڵا و تانەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و هەنگاوی پێویست دەگرنە بەر بۆ چارەسەرکردنی سکاڵاکان لە ماوەیەک کەوا لە 48 کاتژمێر زیاتر نەبێت لەدوای ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوەکە.

لەگەڵ وەرگرتنی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە، بەشی سکاڵا و تانەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان فایلی سکاڵاکان پێشکەش دەکات، کە لە فۆرمی ڕەسەنی سکاڵاکە، فۆرمی بەراوردکردن و یەکلاکردنەوە، ڕاپۆرتی ئەنجامەکان، فۆرمی پۆلێنکردن، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە، و هەر بەڵگەیەکی تر پێک دێت لەگەڵ ڕاسپاردەکانی ئەنجومەنی کۆمسیاران بۆ دانی بڕیارێک.

**چۆن سکاڵاکانی ڕۆژی دەنگدان یەکلا دەکرێنەوە؟**

لەدوای پێداچوونەوە بە ڕاپۆرتە پێشکەشکراوەکان لە لایەن بەشی سکاڵا و تانەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئەنجومەنی کۆمسیاران بڕیارێک لە سەر سکاڵاکە دەدات. بەڵام، ئەگەر بە پێویست بزانرێت، ئەنجومەنی کۆمسیاران دەتوانێت داوای لێکۆڵینەوەیەکی نوێ بکات.

بۆ چارەسەری پێشێلکاریەکانی ڕۆژی دەنگدان، ئەنجومەنی کۆمسیاران دەتوانێت سزا بسەپێنێت؛ ئەنجامەکانی وێستگەی دەنگدان ڕەت بکاتەوە؛ سزای ڕێکاری بسەپێنێت ئەگەر سکاڵاکە پەیوەست بێت بە کارمەندی کۆمسیۆن؛ داوا لە وەزارەتی پەیوەندیدار بکات ڕێکاری یاسایی پێویست بگرێتە بەر ئەگەر کەیسەکە پەیوەست بێت بە یەکێک لە کارمەندەکانی؛ بانگی سکاڵاکار، بەرگریکار یان شایەت بکات ئەگەر پێویست بکات؛ دەست بە کەیسێکی تاوان بکات ئەگەر کرداری ئەنجامدراو پێکهاتەی تاوانکاریی تێدا بێت؛ بڕیار بدات کەسێک دانەمەزرێنێت لە سەر بنەمای گرێبەستی کرێی یەک ڕۆژە لە وێستگەی دەنگدان بۆ ئایندە و/یان بێبەشیان بکات لە شایستەی داراییان؛ بڕیار بدات مۆڵەت بە بریکاری پارتێکی سیاسی یان تیمێکی چاودێری نەدات؛ ئەنجامەکانی کاندیدێک یان پارتێکی سیاسی ڕەت بکاتەوە یان مافیان لێ وەربگرێتەوە لە خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بۆ یەک خول؛ پەسەندکردنی هاوپەیمانیەتی سیاسی، پارت یان کاندیدێک ڕەت بکاتەوە؛ یان دەتوانێت خودی سکاڵاکە ڕەت بکاتەوە.

**ئایا سکاڵاکار ئاگادار دەکرێتەوە لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی کۆمسیاران دەربارەی سکاڵاکانی ڕۆژی دەنگدان؟**
بەڵێ، ئەنجومەنی کۆمسیاران بڕیارەکانی بە زمانی عەرەبی و کوردی لە ماوەی سێ ڕۆژ لە ڕێکەوتی دەرکردنی بڕیارەکە بڵاو دەکاتەوە.

**ئایا سکاڵاکارەکان دەتوانن تانە لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی کۆمسیاران بدەن دەربارەی سکاڵاکانی ڕۆژی دەنگدان؟**
بەڵێ، دەشێت تانە لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی کۆمسیاران بدرێت لە دەستەی دادوەری هەڵبژاردن لە ماوەی سێ ڕۆژ - لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی بڕیارەکە دەست پێدەکات.